www.kurdistannet.org
9-1-2003 15:47

# عەبدولڕەزاق و هاوڵاتی

گۆران محەمەد

دوای ئەوەی هاوکارم ڕێبوار کەریم وەلی لە بارەی گیرانی هاوکارمان عەبدولڕەزاق عەلی لە لایەن ئاسایشی سلێمانییەوە نوسیبووی، ئیتر من بڕیارم دا نەنووسم چونکە ڕێبوار ئەوەی لە دڵی منیشدا بوو؛ گوتی، لێ ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە منی هێنایە گۆ.

هاوڵاتی لە ژمارە ١٠٥ یدا هەواڵێکی پێنجخەت و نیویی لەکۆڵخۆکەرەوەی بڵاوکردووەتەوە و خەت و نیوێکێشی دەڵێ : شایەنی باسە عەبدولڕەزاق عەلی بە بێ مۆڵەتی پارتی سەردانی سلێمانی کردووە. دیارە هاوڵاتی هێشتا ئاگای لەو ئاسانکارییانە نییە کە بە مەبەستی هاتووچۆی کادیرانی ینك و پدك بۆ ناوچەکانی یەکدی لە بارەیەوە ڕێکەوتوون و کۆتایی بە سەردەمی حەیابەرەی ڤیزا وەرگرتن بۆ سەردانی ناوچەکانی یەکتر هێنا، ئەو دێڕە لە هەواڵەکەی هاوڵاتیدا تەنیا بۆ رووسپیکردنەوەی کارە کرێتەکەی ئاسایشی سلێمانییە، دەنا هیچ پاساوێکی ئەخلاقی و ڕۆژنامەوانیی دیکەی نییە، جا هاوڵاتی بۆچی ئەم پاکانەیە بۆ ئاسایشی سلێمانی دەکات؟ ئەوەیان بۆ خۆیان خەڵك.

لە بارەی گیرانەکەی عەبدولڕەزاقی ڕۆژنامەنووسیشەوە حەز دەکەم بە) شێرەکوڕانی) ئاسایشی سلێمانی بڵێم کە عەبدولڕەزاق عەلی هەرگیز لە سەنعان قەساب و بەرەکەی خەتەرناکتر نین بۆ سەر ئاسایشی خۆشیان و ئێمەش، جا ئەگەر ئەوان بە تەنگ ئاسایشی وڵاتەکەیانەوەن؛ با بە دوای ئەوانەدا بگەڕێن کە بۆ سەر ئاسایشیان خەتەرن؛ نەك ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران.

ڕێبوار کەریم لە وتارەکەیدا نووسیبووی دیارە ئاسایشی سلێمانی ئاگای لە پرۆسەی ئاشتی نییە، ئەو قسەیە شایەنی ئەوەیە باوەڕی پێبکەیت، بەڵام لەوەیان سەرم سوڕما کە هاوڵاتیش لە بێخەبارنە و بۆتە زمانحاڵی ئاسایشی بێخەبەری سلێمانی.

goransalih@hotmail.com

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت